وەزیری پەروەردەی هەرێم داوا لە مامۆستایان دەکات بگەڕێنەوە هەڵکانی خوێندن

وەزیری پەروەردەی هەرێم رایگەیاند، داوا لە مامۆستایان دەکەین بگەڕێنەوە هەڵکانی خوێندن. وتیشی، قەرەبووی ئەو خوێندکارانە دەکەینەوە کە پرسی خوێندنیان دواکەوتووە.

ئەمە سەرمەمە، ئالان حەمەسەعید وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم لە کۆنفرانسکی ڕۆژنامەنووسییدا رایگەیاند، داوا لە مامۆستایان دەکەن بگەڕێنەوە هەڵکانی خوێندن و پشتگیری داوای ڕەوای مامۆستایان دەکەن لە هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە دواکەوتنی خوێندکارانی پۆلی ١٢ لە وانەکان بەهۆی نەبوونی دەوامەوە باسی لێوە کرد، پابەند دەبن بە پاراستنی مافی خوێندکارانی پۆلی ١٢ لەو ناوچانەی کە لە پرسی خوێندن دواکەوتوون یاخود تا ئێستا دەستیان بە دەوام نەکردووەتەوە.

ئاماژەی بۆش کرد، بەیاری سزادانی هیچ مامۆستایەکیان نەداوە و تەنها داوای دەستپێکردنەوەی دەوامی ناوەندەکانی خوێندنیان کردووە